# تاوان



ئەوەی بەگوڵی جەستەمەوە

لق و پۆی کردووە،

تەتووی جەسارەتە

نەك شریخەی قامچی.

ئەوەش

بە چلی ئولفەتمەوە ڕادەژێ

سروودی نەمرییە

نەک سەرکەوتنی تۆ..

بەر لەوەی نووکی نامووس

لە گەردنی گوڵ گیر کەی

ئەو چاوی تۆی پڕ کرد

لەدڕکە زی ڕەفز.

پێیەکانت بەتەڵدڕووی

ڕاوەدوونان هەلا هەلا..

بەر لەوەی داوای پەنابەری

لەئەستێرە بکەی

ئەو دەیان پوولی نا

بە کێشە هەبەستراوەکانی

دووروویيت.

سنووورداشی مەرزەکانی
بێئومێدی کردیتەوە.
شێری شکۆت
بۆ بێشەی بەدفەڕی و
پڵینگی پیاوەتیت
بۆ کونجی
بەرتەسکی سادیەت..
تەماشا
جوامێریت
دە پەنجەی لەرزۆکە
پشتێنی پیاوەتیت
لە مومورەسەی وەحشیەت
ناکاتەوە.
هەڕەشەت
دوو ناو لەپی زبرە،
میلی لووسی
کلاشینکۆفێکیان
بۆ ناچێتە بەر
کەڵکەڵەی شەهێد بوون..
خێرا بە هانای شپرزەییت وەرە
با سێرەت
لە ئاوێنەی خیانەتدا
نەبێ بە هەڵم..

جەنگەکانت کڵۆم دە
دارشەقەکان لەبەر لەحزە
کەمئەندامەکان دەبڕێن.
تیکەکانی بەزەیی
لەبەر کەلاوە هەتیوەکان.
تۆۆۆۆۆش
لەبەر خۆۆۆت.
سەیر کە
هەترەشت
بەلێواری بێئۆقرەییەوە
ڕەنگی لەبەر نەما.
ئیدی ئابڕووت
وەك بەختم ڕەش.
خوێنم لە جاوتا
سوور سوور..
نەبەردیت هەڵپەسێرە
هەڵۆکان
بەهانای خەسارەتی
غیرەتت ناکەون.
زمانی سەروەریت
لەبەردانی شکست
خەریکە دەقرتێ..
تاو دە نابووتیت

عەرشی دەسەڵاتت

هەتا بێدەلەرزێ..

نەعرەتەت

لە کەلللللەی سەرمدا

زڕڕڕرەی دێ.